www.kurdistannet.org
08/04/2002 23:27

## یەك هەڵوێستی ئەحزابی قەومی لەكوردستان لەبەرامبەرسیاسەتی امریكا.بۆچی؟

ابوبكر احمد سڵێمان

ئەگەرچی هەرلەسەرەتای ئاڵوگۆرەكانی دوای جەنگی كەنداو وراپەرینی ساڵی١٩٩١وەئەحزابی ناسیۆنالیستی كوردلەكوردستانی عێراق لەململانەیەكی سەخت ودژواردابون سەبارەت بەبالأدەستی یەك بەسەرئەوی ترداوبۆئەومەبەستەهەموریگایەكی نائوسوڵیان گرتەبەر،هەرهەڵگریساندنی شری ناوخۆەبگرەتادەگاتەدەست كێشی لەشكری داگیركەران بۆسەربنكەوبارەگای یەكتری وسەقام گیر كردن وشەرعی یەت پێدانی تۆری جاسوسی وباندی مافیای سەرجەم دەوڵەتانی ناوچەكەلەكوردستان وئالودەكردنی فەرهەنگی كۆمەڵگا بەپەرتوكاوترین ئەفكاری كۆنەپەرستان. بەڵام هەمیشەسەبارەت بە (دوكان وبازارێك) كەلەئەنجامی سیاسەتەكانی امریكا سەبارەت كێشەی عێراق لەكوردستان دەستیان كەوتوە لەماوەی ئەو١١ساڵەدا هەڵوێست وبەرژەوندی یان جوت بوە وئەمرۆش لەسیاسەتی نارۆشنی ئەمریكاسەبارەت بەوەشاندنی گورزێكی سەربازی لەرژێم وئایندەی عێراق وكوردستان لەدەست دانی ئەم دوكان و بازارە بەتەواوی نیگەرانن ونایانەوێت ئەم دەست كەوتانەیان لەدەست بدەن ومانەوەی ئەوزاعی هەڵواسراو وسەرگەردانی ئێستای كوردستان لە بەرژەوەندی خۆیانداەبیننەوەوبۆیان معلوم نی یەجێگاوریگای ئەوان لەدەولەتی ئایندەی عێراقداچی بەسەردێت،ئەم نیگەرانی یە بەئاشكرالەچاوپێكەوتنەكانی جلال تالەبانی بۆكەناڵەكانی راگەیاندنی توركیالەكاتی سەردانەكەی بۆئەو وڵاتەو رون كردنەوەكانی ئەم دوایانەی رۆژنامەی (كوردستانی نوێ) دا دیاربو، تەرح وبەرنامەی امریكابۆسیناریۆی گۆرینی حوكم لەعێراق وئەبعادەكانی ئەم سیناریۆیە تائێستاش بۆئۆپۆزسیۆنی عێراقی وبەتایبەتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی كوردی رۆشن نی یە وپێ دەچێت امریكاش نەیەوێت لەئەگەری روداوێكی ئەوتۆ وعەمەلی بونەوەی هەرەشەكانی لەدژی رژێم وئاڵوگۆرێكی سیاسی لەم وڵاتەدائەحزابی كوردی تێیدابەشداربن وبەڵكودەیەوێت دەستوپێی ئەوان ببەستێت تاكارەكانی خۆی تەواودەكات وبەپێی بەرژەوەندی یەكانی خۆی حوكمی ئەم وڵاتەدەگۆرێت، مەسەلەی گۆشەگیركردنی ئەحزابی قەومی لەچوارچێوەی دوكان وبازارێكدا كەامریكاپێی بەخشیون ولەبەرامبەرئەمەدالەكارخستنی جموجۆڵی سیاسی وكاریگەری ئەوان سەبارەت بەهەرپێش هات وئاڵوگۆرێكی سیاسی ئەم وڵاتە هەرلەسەرەتاوە بۆهەمولایەك معلوم بو،خودی ئەحزابی دەسەڵاتداریش دەیان زانی كەوەزیفەی ئەوان لەكوردستانی عێراق تەنهاپاراستنی بەرژەوەندی یەكانی امریكایەو كارتێكی هەرەشەن بەدەست امریكاوە بۆسەرعێراق و وەسیلەیەكن بۆچەسپاندن وچەرخاندنی سیاسەتەكانی امریكالەوناوچەیەداوهیچ كارێكی تریان نی یە، كۆمەڵێ ئەحزابی بچوكی تریش كەهەریەكەوبەجۆرێك نان خۆری ئەم سفرەوخوانەن ولەم دوكان وبازارەبەهرەمەندن بەدەرلەوەی هیچ دەوروكاریگەری یەكی سیاسی یان لەسەررروداوەكانی ناوخۆی كوردستانیش نی یەبونەتەسۆفی خانەقای حیزبەدەسەڵاتدارەكان وگونجی قەناعەت یان گرتوەوئەگەر جارێكیش لەژێرلێوانەوەنارەزایەتی یەك نیشان بدەن هەرەشەی نان برین یان لێ دەكرێت وموچەومانگانەكەیان نادرێتی وبنكەوبارەگاشیان دەپێچنەوە، سیاسەتی امریكاسەبارەت بەهەڵواسینی ئەوزاعی سیاسی كوردستان وراگرتنی ئەم جوگرافیایەلەحالەتی نەعێراقی ونەسەربەخۆیداهەرلەسەرەتاوەرۆشن بوبەتایبەتی لەدوای راگرتنی هێرشی وڵاتانی هاوپەیمان بۆسەرعێراق ساڵی ١٩٩١وملدانی رژێم بەسوڵح ومساڵەحەودوای ئەوەكەحیزبەدەسەڵاتدارەكانی كوردستان مەیدانی راپەرین یان چۆڵ كردوئاخرین سەنگەری مقاوەمەتیان بەجێ هێشت لەبەرامبەرسوپای رژێمداوهاتنەكایەی سیناریۆی هێڵی ٣٦لەسەروی عێراق لەژێرناوی پاراستنی خەڵكی كوردستان لەپەلاماری رژێم، ئیتربەپێی سازش وسەوداكاری یەك كەامریكالەگەڵ

www.kurdistannet.org
08/04/2002 23:27

ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردی داپێکی هێناوە لەورۆژەوەتائێستاش ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردنەیان توانیوەهیچ جۆرەچالاکی یك لەدژی رژێم نیشان بدان ومافی ئەوەیان نی یەبەبێ ئیزنی امریکاپەنجەبکەن بەئاوداوچارەنوسی ئەوانیش لەورۆژەوە بەندەبەئەوئاڵوگۆرانەی کەامریکا لەناوچەکەدا لەبەرژەوەنی خۆی دەی چەرخێنێت، سیاسەتی امریکالەکوردستانی عێراق وهێشتنەوەی ئەوناوچەیەلەحاڵەتی بێ ناو نیشانی وسەرگەردانیداتائەم کاتەش لەبەرژەوەندی حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان دایە ویەکەم خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەحزابی دەسەڵاداربەهرەمەندبونی ئەوانەلەوەی کەامریکا لەیەکەم رۆژەوەئەوناوچەیەی تەسلیم بەئەوان کروەوپارێزگاریشیان لێ دەکات، بەلاّم ئەگەری عەمەلی بونەوەی هەرەشەکانی امریکابۆسەرعێراق وگۆرینی حوکمی ئەم ولاّتەوراگرتنی ئەوان لەدەرەوەی ئەوبازنەیەولەمەیدان دانەبونی حزوروکاریگەری ئەوان لەوئاڵوگۆرەسیاسی یانەدا بەوئەندازەیەش لەقوراسایی سیاسی موقعیەتی ئەوان کەم دەکاتەوە لەدەوڵەتی ئایندەی عێراقدا، نیگەرانی ئەوان لەسیاسەتی نارۆشنی ئەم دوایانەی امریکابۆدەورانی دوای گۆرینی حوکم لەعێراقەوشیوەنی ئەوان ویەك هەڵوێست بونیان لەبەرامبەرسیاسەتی تازەی امریکابۆراگرتن وهێشتنەوەی ئەم سفرەوخوانەیەکە١١ساڵەلەپەراوێزی ئاڵوگۆرەکانی معادەلاتی سیاسی ناوچەکەدا بۆیان رێ کەوتوەوئێستاش دەیانەوێت وەك بیلبیلەی چاوی خۆیان بیپارێزن، (تەرحی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆئەنجامدانی ریفراندۆم وراپرسی یەکی ئازادانەی گشتی بۆخەڵکی کوردستان سەبارەت بە جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کەتەواوی خەڵکی کوردستانی عێراق رزگاردەکات لەسەرگەردانی وبێ ئاسۆی وچاوەروانی ونادیاری چارەنوسی سیاسی وئایندەودڵەراوکەی هەمورۆژەی گەرانەوەی رژێمی بەعس بۆکوردستان کۆتای یەکجاری بەچەوساندنەوەی نەتەوایەتی لەسەرخەڵکی کوردستان دەهێنێ وهەلومەرجی هەڵواسراو وبەندوبەستی قاچاخچێتی وبازرگانی ئەحزابی ناسیۆنالیستی بەمەسەلەی کوردەوە وەك پردەبازێك بۆشەریك بونی ناسیۆنالیزم لەدەسەلاّتی سیاسی دەردەهێنێ ودەیخاتەسەر رەوەندێکی چارەسەری یەکجاری وچارەنوسی سیاسی ئەم جوگرافیایەبەشێوەیەکی شەرعی وقانونی دەخاتەدەست خەڵکی کوردستانەوە) ئەم مەتڵەبەوەك تەنهابەدیل والترناتیڤی بێ ئاسۆیی وسەرگەردانی خەڵکی کوردستان هەمیشە لەلایەن ئەحزابی ناسیۆ نالیستی یەوە رەت کراوەتەوە وبەبیانوی جۆراوجۆروبەئاشکراویەك هەڵوێست لەبەرامبەرئەومافەسەرەتایەی خەڵکی کوردستانداوەستاونەتەوە و،هەڵوێستی ئەوان لەسەرەتای راپەرینی ساڵی١٩٩١یش هەروابو،چەك کردنی خەڵك وهەڵوەشاندنەوەی شوراکان وسەندنەوەی دەسەڵات لەخەڵکی کوردستان وداسەپاندنی دەسەلاّتی بیروراکراتی یانەیەکەم هەڵوێستی یەکگرتوانەی ئەحزابی دەسەڵاتداربولەکوردستان.

٢٠٠٢/٤/٨هۆڵند